الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq

وەزارەتی پلاندانان

## بەیاننامەی رۆژنامەوانی هاوبەش: حکومەتی هەرێمی کوردستان – نەتەوە یەکگرتووەکان

### هەرێمی کوردستانی عیراق دەبێتە پەناگە لە توندوتیژی عیراق

**ئاوارەبوونی زیاتر لە دوو ملیۆن عیراقی لە سەرەتایی کانونی دووەمی ٢٠١٤ لە سەرانسەری عیراق**

**هەولێر، ١٠ کانونی یەکەم – حکومەتی هەرێمی کوردستانو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامن لە کۆشش کردن بۆ بەدواداچوونو چاودێریکردنی ئاوارەبوون لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عیراق.**

**بەپێی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو رێکخراوی کۆچی نێودەولەتی (IOM)، ٤٧٪ لە کۆی زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارە لە عیراق ئێستا لە هەرێمی کوردستانن، یان ١٥٤,٨٢٩ خێزان، ئاوارەکانی تر دابەشبوونە بەسەر هەموو ناوچەکانی تری عیراق بەهۆی راکردنیان لە شەڕو پێکدانان لە پارێزگاکانی ئەنبارو نەینەواو دیالەو سەلاحەددین.**

**بەهۆی بەردەوامی راکردنی ئاوارەکان لەدەست توندوتیژی، تازەترین ئامار ئاماژە دەکات نزیکە ٩٤٦,٢٤٦ عیراقی (١٥٧,٧١١ خێزان) پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە هەر لە سەرەتای ئەمساڵدا. ئەم زیادەیەش دەگاتە ٥٣,٥٢٦ تاك هەر لە ١ ی ئەیلولی ٢٠١٤.**

**لە سایەی پاراستنو هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرینەی ئەم ئاوارانە لە ئێستادا لە پارێزگای دهۆکن (٦٠٪) دواتر هەولێر و سلێمانی.**

**دکتۆر علی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند "بوونی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان بارقورسی زۆری خستۆتە سەر خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمو هەروەها سەر سەرچاوەی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خۆی کێشەی زۆری تێدایە لە ئەێستادا. بەپێی دەستووری عیراق بەرپرسیارێتی ئاوارەکان دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عیراق".**

**تازەترین لێشاوی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەچێتە پاڵ نزیکەی ٢٢٥,٠٠٠ پەنابەر کە لە شەڕی ناوخۆیی سوریا رایانکردووە کە نزیکەی چوار ساڵە بەردەوامە. زۆرینەی پەنابەرە سوریەکان لە عیراق کە دەگاتە نزیکەی ٩٠٪ پەنایان بردۆتە هەرێمی کوردستان. زیاتر لە ٢٠,٠٠٠ پەنابەر هەر لە ١٠ ی تشرینی یەکەمەوە گەیشتوون دوای کردنەوەی سنووری نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان. مەترسی زۆر لە ئارادایە بە هۆی ئەوەی تازەترین لێشاوی پەنابەرانی سوری هەموویان بەر هەڵمەتی کوتان نەکەوتوون بەمەش رەنگەی ڤایرۆسی ئیفلیجی**

DRAFT

منداڵان لەگەڵ خۆیان بێنن بۆ ناو هەرێمی کوردستان. هەروەها پەنابەران بارقورسایی دروست دەکەن بۆ سەر ژێرخانی تەندروستی هەرێم کە کاریگەری زۆری لێکردووە.

خاتوو جاکلین بادکۆك، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکخەری نیشتەجێو ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عیراق گووتی: "هەرێمی کوردستان بۆتە پەناگەی نزیکەی یەك ملیۆن کەس لە کۆی زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی عیراقی لە ماوەی نزیکەی ١٠ مانگ، ئەمەش بارقورسی زۆری خستۆتە سەر کۆمەڵگاو خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە هەرێم. هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانو هاوبەشانی لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان نایەتە نرخاندن لە کەمکردنەوەی سەختی ئەم قەیرانە مرۆییە کەم وێنەیە. هەزاران تۆن هاوکاری مرۆییو بڵاوکردنەوەی سەدان کارمەند لە بواری مرۆیی لە سەختترین هەلومەرجدا بەبێ پابەندبوونو هاوکاری دەسەڵات ئەنجام نەدەدرا".

وەرزی زستان گەیشتو ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینە دەبێت بۆ بەدەنگەوەهاتنی مرۆیی، لە کاتێکدا پێشبینی دەکرێت نزیکەی ٥٠٪ی ئاوارەکان پێویستیان بە شێوازێك لە شێوازەکانی هاوکاری پزیشکی هەیە لە ماوەی وەزی زستاندا.


ناوچە بەرزاییەکانی هەرێمی کوردستان نزمبوونەوەی پلەی گەرما تا ژێر سفری بەخۆوە دەبینێت لە وەرزی زستاندا. بۆیە ئاوارەکان لە سەرانسەری عیراق پەنا بۆ ژمارەیەك شوێن دەبەن بۆ حەوانەوە هەر لە بینایەی چۆڵو تەواونەکراو بۆ قوتابخانەو بینایە ئاینیەکان، کە ئەمەش ڕێژەی ٢٥٪ پێکدەهێنێت لە چارەسەری شوێنی حەوانەوە بۆ ئاوارەکان. ژمارەیەکی زۆر کەمپ دروستکراو قوتابخانەکانیش لە ئاوارەکان چۆڵکران. مانەوە لەگەڵ خێزانی میواندار باوترین جۆری چارەسەرە بە ڕێژەی ١٩٪، هەندێکیشیان شوێنی حەوانەوەیان بەکرێ گرتووە، بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی پارەیان بەخێرایی، هیچ بژاردەیەکیان لەبەردەم نامێنی جگە لە پەنابردن بۆ شوێنی حەوانەی نەشیاو بۆ زستان.

حکومەتی عیراق ١٢ ملیۆن لیتر سووتەمەنی بۆ پارێزگاکانی هەولێرو دهۆكو سلێمانی تەرخانکردووە، بەڵام پێداویستیەکە زۆر لەمە زیاترە. لە سەرانسەری عیراق، ٦٠٠,٠٠٠ ئاوارە پێویستی بە شوێنە حەوانەوەو کەلوپەلی ناخۆراکی هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کەشو هەوای زستان.

دکتۆر علی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم بارەیەوە ئاماژەی کرد: "حکومەتی هەرێمی کوردستانو نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵستان بە داڕشتنو جێبەجێکردنی پلانی بەهاناهاتنی دەستبەجێی تایبەت بە ئاوارەکان بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکان بۆ ئاوارەکانی زۆرترین زیانیان پێگەیشتووە وەك شوێنی حەوانەوە، بەڵام زۆر کاری تر ماوە ئەنجام بدرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستانو نەتەوە یەکگرتووەکان کاری زیاتر دەکەن بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی تەواوی پێداویستیەکان بۆ ئاوارەکانی هەرێم بۆ ئەوەی بتوانن بەرەنگاری وەرزی زستان ببنەوە. ئەمەش پێویستە بە زووترین کات جێبەجێبکرێت، بەڵام سەرچاوەی دارایی سنووردارە. ڕەنگە لە چەند مانگی داهاتوودا بارودۆخی ئاوارەکان بەرەو خراپی بچێت، بۆیە ئێمە پشت بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبەستین بۆ بەخشینی زیاتر بەمبەستی بەهاناهاتنی ئاوارەکان".

DRAFT

**خاتوو جاكلين بادكۆك، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکخەری نیشتەجێو ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عیراق زیاتر گووتی: "لەوە ناچێت ئەم بارە مرۆییە ناکاویە بەم زووانە کۆتایی بێتو لە وەرزی زستاندا گرفتەکان ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر دەبن. هاوبەشی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خاڵی وەچەرخانە بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، بەڵام ئەمە تەنها بەس نیە. لە ئێستادا بودجەیەکی زۆر پێویستە کە ڕێگردەبێت لەبەردەم تەشەنەسندنی ئەم قەیرانە بۆ کارەساتێکی مرۆیی".**




*The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations. The data for this map has a limited number of sources, including parties to the conflict. The data has not been independently verified and is subject to error or omission, deliberate or otherwise by the various sources. Due to the fluidity of the conflict, humanitarian access areas are likely to change.*

**For further information, please contact:**

**David Swanson,** OCHA Public Information Officer
Mobile Iraq: +964 (0) 750 377 0849
Email: swanson@un.org
Website: https://iraq.humanitarianresponse.info

**Eliana Nabaa,** Director, Public Information Office /Spokesperson
Mobile Iraq: + 964 (0) 7901 931 281
Email: nabaa@un.org

**Ahmed Wahab,** Head of Public Relations Department-KRSO
Office Telephone: +964 66 2559170
Email: contact@krso.net
Website: http://www.mop-krg.org

DRAFT